## (( ڕوونکردنەوەیەك لە فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە ))

دوای ئەوەی لە ڕووداوێکی ناخۆشدا ، ئەو فڕۆکە ئەڵمانییەی کە لە شاری میونخی ئەڵمانیەوە بەرەو فڕۆکەخانەی سلێمانی بەڕێکەوت و پێش ئەوەی لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بنیشێتەوە کەوتە خوارەوەو سەرنشینەکانی گیانیان لەدەستدا .

یەکێك بەناوی هەڵکەوت چەمچەماڵی لە سایتەکانی (کوردستان پۆست و بۆپێشەوەو ڕۆژهەلات و دەنگەکان ) نووسینێکی بەناوی (سندووقی ڕەش ) بلاّوکردۆتەوە و کۆمەڵێك زانیاری چەواشەکارانەی نووسیوە ، ئێمەش لە سۆنگەی بەرچاو ڕوونی خوێنەران ئەم زانیاریانە دەخەینە ڕوو :

1. نووسەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێمە لە ڕقی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ناومان لە فڕۆکەخانەکەمان ناوە نێودەوڵەتی ، کەچی من بەبەڵگە بەبیر ئەو و خوێنەران دێنمەوە کە فڕۆکەخانەی سلێمانی بە پێی نووسراوی وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی بەغدا ژمارە (1245) لە ڕێکەوتی 2005/10/15 پێوەری نێودەوڵەتیمان پێبەخشراوە .
2. نووسەر هەر لەخۆیەوە زانیاریەکانی دارشتووە ، ئەو دەڵێت فڕۆکەکە لە ئۆزبەکستانەوە هەڵفڕیوە ، منیش دەڵێم ببوورە کاکی برا ئەو فڕۆکەیە لە شاری میونخی ئەڵمانیا فڕی و پاشان چووە (باکۆ) ی پایتەختی یەریڤان و ئینجا بڕیاربوو بێتە فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی .
3. وەکو ئەوەی کارمەند بێت لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بانگەشەی ئەوە دەکات کە فڕۆکەخانەکەمان شارەزا و پسپۆڕی لێ نیە ئێمەش بەبەڵگەوە پێی دەڵێین بەشانازییەوە فڕۆکەخانەکەمان کۆمەڵێك کادیری لێهاتوو و پسپۆڕی بواری فڕۆکەخانە و فڕۆکەوانی کورد و بیانی لێ کاردەکەن ، ئێمەش هەمیشە لە هەوڵداندایین بۆ ئەوەی کادیرەکانمان شارەزایی زیاتر وەربگرن لە ناردنیان بۆ خولی ڕاهێنانی ولاّتانی پێشکەوتوو ، بۆ زانیاریشتان ئێستا کۆمەڵێك کادیرمان لە ولاّتی ئەڵمانیان بۆ ڕاهێنان .
4. دەربارەی داخستنی فڕۆکەخانەکەشمان ئەوە تەنها پڕۆپاگەندەی دوژمنانە ، کە هەڵکەوت کەتۆتە داویانەوە ، دەنا بە پشتگیری خواو حکومەتی هەرێمی کوردستان فڕۆکەخانەمان هەر لە گەشەکردنی زیاتردایە ، مژدەی ئەوەش بە گەشتیاران دەگەیەنم کە لەو ماوەیەکی نزیك لە فڕۆکەخانەکەمان زۆرترین گەشتی فڕۆکەوانی تێدا ئەنجام دەدرێت لە سەرانسەری عێراق ، ئەوەی بلاّوکراویش کراوەتەوە ئەوە تەنها بڕیاری (fly air ) ی تورکی بوو کە پێمان وایە بڕیارێکی ڕەگەز پەرستانە بوو و دوور بوو لە گشت بنەمایەکی زانستی فڕۆکەوانی .
5. ئەوەی تایبەتیش بێت بە سندووقی ڕەش ئێمە دۆزیومانەتەوە ، بەلاّم ناردوومانە بۆ ولاّتی ئەڵمانیا تاکو پسپۆڕانی فڕۆکەوانی ئەو ولاّتە لە ڕاستی هۆکاری ڕووداوەکە بپشکنن و چاوەڕێی وەلاّمیانیان .

لە کۆتایش هیوادارم ئەوە دوا ڕووداو بوو بێت و ئاواتی سەلاّمەتی بۆ گشت گەشتیارانی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی دەخوازم .

لەگەڵ ڕێزم

کامەران ئەحمەد عبداللە

بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی

2006/3/4